## زیرەک، دیاردەیەکی تایبەت!

دوو دەستی کردۆتە سینگ و خۆی هاویشتۆتە سەر، نە دانیشتووە، نە ڕاوەستاوە و نە پاڵی داوەتەوە. خۆی لەمبەرە و چاوەکانی دەڕواننە ئەوبەری شەقام، ئەو شوێنەی مەیخانەی براکەی لێهەڵکەوتووە!

ماڵەکەی، ماڵی کرێ، چەند دە هەنگاو لەو لای ماڵی خوشکی و هەزارهەنگاو ئەولاتری ماڵی براکەیەتی، لەم سەر و ئەو سەری شەقام . ئەو وەک بەری دەستی شارەکە و خەڵک و بنەماڵەکانی دەناسی. بنەماڵەی ئەوان جیاواز بوو، وشکە موسڵمان و داخراو نەبوون و سنوور و تابۆشکین بوون. ئەو لەم کۆڵان و ئەو کۆڵان نەفرین دەکرا!

کە گەورە بووین، وەک ئەو، نەفرین کراین. نە سەرمان بە مزگەوت دادەکرد، نە گوێمان بۆ موناجاتی موئەزن و ئایەکانی مەلا شل دەکرد. ئێمە بە ئایەکانی زیرەک و سووڕەکانی عەلی کەردار و هەناسەی مامەقالە ڕاهاتبووین. ناویان لێنابووین "دۆزەخی، لۆتی، شەکەرۆکە". ئەوان خەوی جەنەتیان دەبینی، ئێمە خەونمان دەکرد بە شانۆ و ئەویش گاڵتەی بە گشتی دەهات! گەڕۆک بوو، هەڵبڕا، هەڵکەندراو. کەس خووی بە ماڵبەکۆڵی ئەوەوە نەدەگرت.

خۆی گوتەنی"سازی نەساز" بوو، بە هەر ساز و نەوایەک نەدەجولا. دەنگی، چریکەی، هارمۆنی، هاوئاهەنگی و هاوسازی لە نێوان شیعر و دەنگ و گۆرانی و ڕیتم و نەسازەکان دەخوڵقاند. ئەو هارموونی بە نەسازەکان دەبەخشی. ئەو "سازی نەسازی هەڵپەسێراو" و "شووشە بادەی بەتاڵی مەیخانە" نەبوو!

کەسی نەساز کە خۆی نەگونجاند، یان دەبێ خۆی بگۆڕێ یان ئەو شتانەی لە گەڵی ناسازێ، دووچاری گۆڕان بکات. زیرەک مۆسیقا و گۆرانی کوردی سەردەمی خۆی دووچاری گۆڕان کرد، گۆڕانی لە ژیانی خۆی و پێوەندییەکان پێکهێنا. ئەو هونەری مۆسیقای لە ناو بازنە بەرتەسکەکان دەرهاورد و دەنگ و ئاواز و مۆسیقا و کەلامی بەرەو کوردستانیبوون برد.

پێکهێنانی هاوسازیی، لێهاتوویی زیرەک دەردەخات، کە ڕەنگە خۆشی نەیتوانیبێت هۆیەکەی باس بکات. ئەو لێهاتوویی و سەرکەوتنی لە بواری مۆسیقا و گۆرانی بە بوونی خەم و خەفەت و نەحەسانەوە و ئاوارەیی-یەوە گرێدەدات. ئەو توانی لە شاگرد مزگەری، شۆفیری، قەنادی و پاڵەیی-یەوە بگاتە ڕادیۆکانی بەغدا، تاران، کرماشان و لە گەڵ گەورەگەورەکانی جیهانی مۆسیقا و هونەر و ئەدەبیات و فەرهەنگ و تەنانەت ئەندامانی دەرباری ئێران نزیک بێتەوە. خۆی گوتەنی بە ملیۆن ملیۆن لایەنگری هەبوو، کە هەمووی وەک حەکایەتە خەیاڵییەکان دەچێ. کەچی ئەم ژیانە خەیاڵییش بەردەدا و جارێکی تر خۆی "ڕەها" دەکات و ژیانی گەڕۆکی و ناپایدار لێرە و لەوێ هەڵدەبژێرێتەوە.

ئەو خۆی لە ناو قەسر و کاخ و ژیانی لەو چەشنە نەبەستەوە. دەروونی ئەو گەڕۆک و سەربەست مایەوە و جەستەشی بە دوای خۆیدا کێشا. لەشی زیرەک وەشوێن سەری کەوت و سەری سەربەست مایەوە. ئەو بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکەی، خۆی بە کەس و کەسان و دام و دەزگا و سیستەم، لێرە و لەوێ هەڵنەواسی. خۆی گوتەنی" جێم نییە تێیا بسرەوە". ئەو نەسرەوت و هەر ئەوەش تایبەتمەندی بلیمەتەکانی جیهانە، کە "نەسرەوتوو" مانەوە!

بلیمەتەکانی جیهان زۆربەیان نائارام، پڕکار، ناتەبا لە گەڵ نۆڕم و فۆڕمەکانی کۆمەڵگا، بنەماڵە و دەوروبەریان دەمێننەوە، وەک ئەنشتاین کە لە خوێندنگە وەدەریان نا، بێتهۆن کە بە لە دەستدانی گوێ، درێژەی بە ژەندن و نووسینی مۆسیقا دا، وانگۆگ کە گوێچکەی خۆی بڕی، نیچە کە لە ناو جێگای نەخۆشی، وازی لە بیرکردنەوە و نووسین نەهێنا. زیرەک تەنانەت لە ناو جێگا لە نەخۆشخانە، وازی لە گۆڕانیچڕین نەهێنا. ئەوان بێسنوور لە ناو خۆیاندا ژیان و بەرهەمی بێسنووریان لە پاش خۆیان بەجێهێشت. ئەوەش دەبێ بزانین زۆربەی خالق و خولقێنەرانی جیهان وەک ئەدیسۆن لە دەرەوەی سیستەمەکان هەڵیاندا و کەرەسەی نەبوویان خوڵقاند.

نەخوێندەواری پێشی بە لێهاتوویی زیرەک نەگرتووە. هەر شوێن و هەر جێگەیەک، هەر ماڵێک، هەر مەیدانێک، هەر گوند و شار و هەر وڵاتێک سەکۆی دەنگ و ڕەنگ و کار و ئاواز و گۆرانی ئەو بووە. زمانیش ڕێگر نەبووە، ئەو چ لە تەورێز و تاران و بەغدا و لۆڕستان و ئەهواز و ئابادان بووبێ، چ لە زێدەکەی خۆی، دەنگی هەڵبڕیوە و

زمانی خۆی لە گەڵ زمانی نەتەوەکانی تر هاوسەنگ کردووە، نە خۆی و نە زمان و نە دەنگی نەبوونەتە پاشدەنگی کەسانی تر. زیرەک لە هەر شوێنێک بووبێت، هونەرەکەی ئۆتۆریتە بووە و ئەوانی تر، خۆیان لە گەڵ زیرەک ڕێک خستووە. ئەوە ئەو دەرسەیە کە هونەرمەند و نووسەر و ڕووناکبیری کورد، دەتوانێ لە زیرەکەوە فێربێ و خۆی و هونەر و زمانەکەی نەکاتە پاشکۆی زمان و هونەر و فەرهەنگ و کەسان و میللەتانی تر.

زیرەک دەڵێ" لە بەر ئەوەی کوردە!" کاری لە ناو کورد نەچۆتە پێش. کورد بە پێی مێژووی خۆی، ئەو قسەی زیرەکی سەلماندووە. کورد بە هاسانی دەستی لە خۆی، لە بوونی، کەسایەتی، ناسنامەی بەرداوە. کورد بە هاسانی دەستی لە میترا، زەردەشت و کەسانی خۆی بەردا، بە هاسانی خۆی لە گەڵ پارچەپارچەکردنی سەرزەمینەکەی ڕاهێنا، بە هاسانی ئایینی ئەوانی تری کردە ئایینی خۆی، بە هاسانی خۆی کردە خزمەتکاری کیانی ئەم و ئەو.
زۆرێک لە نوخبەکانی کورد خۆیان لە کوردبوون بەرداوە و بوون بە مەیتەری فەرهەنگ و هونەر و بیرو هزر و کیانی ئەوانەی وا خاک و کەسایەتیان داگیرکردوە. زیرەک سەرەڕای گلەوگازندە و تەنانەت بێزاری لە کۆمەڵگا و خەڵک، دەستی لە خۆبوون، زێد، نیشتمان، زمان، فەرهەنگ، مۆسیقا و خۆییبوون بەرنەدا و لە سەر هیچ شتێکی نەتەوەکەی مامەڵەی نەکرد. کەم نیین ئەو ڕووناکبیر و خوێندەوارانەی بەئاگابوون مامەڵەیان لە سەر پێکاتەکانی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان کردووە و دەیکەن. مرۆڤی دابڕاو لە مێژوو، هەڵکەندراو لە شوێن، داپچڕاو لە زمان و فەرهەنگ و ماریفەتی گشتی، ڕێگای بەرەو تواندنەوە ی خۆی، زووتر دەبینێتەوە!

زیرەک بەشێک لە توراسی کوردی پاراست، کە پشتاوپشت بەو گەیشتبوو. زیرەک خۆی و بەرهەمەکانی بە کورد، ناسراون و هەرواش دەمێنن. ئەو تۆمارگەری ئەو فەرهەنگ و هونەر و ڕابووردووە بوو، کە بەر لەو لەناو چوون، یاخود بە شێوەی زارەکی گوێزرابوونە. زیرەک یەک لە نوێنەرانی ڕابووردو بوو، کە لە سەردەمی نوێ، ئەو لێهاتوویەی لە خۆی نیشان دا و دەرکەوت و بوو بە ئاوێنەی ڕابووردو لە سەردەمی نوێ.

زیرەک منداڵی وڵاتێکی کەم خوێندەوار بوو، سەردەمی ئەو، سەردەمی نوێخوازی و گۆڕانی ناوچە بوو. ئەو بەرهەمە کۆنەکانی ڕابووردوی لە سەردەمێ نوێ، تازەکردەوە و ڕەسەنایەتی نەکردە فیدای مودێرنیسم و تەکنیکی بۆ ڕەسەنایەتی زمان و کەلام و ئاواز و ئاهەنگ و مۆسیقا بەکارهێنا، کارێک کە تەنیا بەرهەمی ئەو بە تەنیا نەبوو، بەڵکوو بەرهەمی هەموو ئەو کەسانە بوو کە لە پرۆسەی بەرهەمەکاندا، بەشدار بوون.

خوێندن و نووسین هەتا سەدەی بیست، لە هیچکام لە وڵاتانی ناوچە گشتی نەبوو. مێژوو، ڕووداوەکان، فەرهەنگ و هونەر هەمووی زارەکی و پشتاوپشت گوتراوە و گێڕدراوەتەوە و بە چڕین گەیشتۆتە ئەو سەردەمەی کە کەرەسەی نووسین و چاپ و تۆمارکردن لە وڵاتانە پەیدا بووە، وەک گرامافوون، زەبت(بەکرەیی) و ڕادیۆ. لەم سەردەمەدا زیرەکی گەڕیدە، پڕ ئەزموون، دەنگخۆش، لێهاتو، فرەشتزان، کوردیزان، ئاشنا بە فەرهەنگ و داب و نەریت و زمان و خوڵق و خووی خەڵکی ناوچەکان و شارەزای گوند و شار و سرووشت و جوغرافیای کوردستان و ئاشنا بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و نزیک لەوان، گەیشتۆتە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا.

زیرەک بە گۆرانییەکانی و لە ڕێگای ڕادیۆکانی بەغدا، تاران و بە تایبەت کرماشان، گەرمێن و کوێستان، باکوور و ڕۆژئاوای وڵات و خەڵک و زمانی لە یەک گرێدا و بۆ یکەمجار لە مێژوودا دەنگی کورد لە بەغدا و تاران و کرماشانەوە گەیشتۆتە سەرحەد و ئامێد و قامیشلو و هەولێر و ئەرمەنستان، تفلیس، ئاڵمائاتا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زیرەک لە ڕێگای گۆرانییەکانی، بیسەری کوردی بە ناو جوغرافیا و سرووشت و شار و گوندی کوردستاندا گێڕاوە و بە ناو عێل و تایفە و عەشیرە و شێخ و مەشایخ و تەریقەت و بە ناو شیعری شاعیران و بە ناو سۆران و گۆران و هەورامی و کەلهور و بادینانی ئەردەڵانی و موکریی و زاراوەکاندا گەڕاوە، بەڵام لە زمانی ستاندارد لای نەداوە و بیسەری لە گوندێک و شارێک و ناوچەیەک قەتیس نەهێشتۆتەوە. زیرەک لە ڕێگای دەنگ و گۆرانی و کەلام و گوتن و شیعر و ئاواز، بۆتە مێدیای یەک خەڵک و یەک نەتەوە. زیرەک سەردەمی خۆی لە گەڵ سەردەمی کون و نوێی لە

یەک گرێدا. ڕۆڵ و دەوری زیرەک لیرەدا دەردەکەوەی نەک لە ڕوخساری تێکشکاو و پڕ ئازاری، کە ئەوێش ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆی و نەتەوەکەی بوو.

چاخەکانی پێشووی کورد، چاخی ئەفسانە، ئایین، زمان، فەرهەنگ، هەلسوکەوت، تێگەیشتن، شێوەی ژیان و سرووشتی کەمتر نەگۆڕ بوو، کە ئەو شێوە ژیان و ڕابووردووە لە زارگێڕانەوە، حەکایەتخوانی، چەمەری و هۆرەچڕین ، بەیت و حەیران و دەنگبێژیی ڕەنگی داوەتەوە و پشتاوپشت گەیشتیتە سەردەمی زیرەک. پانتای دەنگ، پانتای زمان، پانتای گوتن و ئاواز و نەوا لە گۆرانی و کەلام و قورگی زیرەک ڕەنگی داوەتەوە و تۆمار کراوە. زیرەک بێ ئەوەی پڕۆژەیەکی لە پێش ئامادەکراوی بووبێت، بێ ئەوەی خۆی گەورەیی کارەکەی پێزانیبێت، موزخانە و کتێبخانەیەکی گەڕۆک بوو. زیرەک بە پێچەوانەی هەموو هونەرمەندانی دوای خۆی، لە هەموو ژیانیدا یەکجاریش باسی لە خزمەتی خۆی بە فەرهەنگ و هونەر و مۆسیقا و زمان و کەلامی کوردی نەکرد، یەک جاریش منەتی بە میللەتەکەی نەفرۆشت، هەرچەند هەتا سنووری بێزاری باسی لە کورد و نەناسینی نڕخی هونەر لە ناو کورددا کرد. ئەو کاری خۆی بە ئاسایی زانی!

مێژوو، بەسەرهات، ڕووداو، بە زار گێڕدراونەتەوە و بوون بە بەیت، حەیران، حەکایەت، چیرۆک، هۆرە، چەمەری، گۆرانی و گاتاخوانی. جولەی مرۆڤی کورد لە گەمە و هەڵپەڕکێ ڕەنگی داوەتەوە. دەروون، هەست و نەست ڕژاوەتە ناو شیعر و گورانی و مۆسیقا. دەهۆڵ و زوڕنا و نەقارە پەیامڕەسان بوون. دەف و تەموورە و شمشاڵ و نەی و نەرمەنای و دووزەلە دروونیان ئارام کردۆتەوە. لایەنەکانی مۆسیقا و گوتن بە چڕی ڕەنگدانەوەی ژیان، کار، هەست ونەستی کورد بوون و بە درێژایی هەزارەکان ماونەتەوە.

زیرەک ماوەی چل ساڵ ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان و ناوچە بە ناوچەی کوردستان گەڕا، وشە بە وشەی زمانی کوردی لە مێشک و دڵ و دەروون و سینگیدا تۆمار کرد و هاوڕێ لە گەڵ ئاواز و ئاهەنگی میللەتەکەی کۆی کردنەوە و لە سەردەمی نوێ بە باشترین شێوە و لە پێشکەوتووترین شوێنی سەردەمی خۆی تۆماری کردن و ئاڕشیوێکی بێ هاوتای لە پاش خۆی بەجێیهێشت. لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی، کەسێکی گۆرانیبێژ، مۆسیقار پەیدا ناکرێ، نزیک هەزار گۆرانی چڕیبێ و کۆی کردبێتەوە.

زیرەک گەر تووشی بە تووشی ڕادیۆی بەغدا و دامو دەزگای سەردەم نەهاتبا، گەر لە ڕادیۆی تاران تووشی بە تووشی نۆخبەکانی کوردی ئەو سەردەمە نەهاتبا، گەر دەیان شارەزای مۆسیقای کورد و نەتەوەکانی تر لە ئێران و عێراق دەورەیان نەدابایە، گەر نەکەوتبایەتە ناو کۆڕ و بازنەی شاعیران و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی، گەر لە بۆکانەوە سەری خۆی هەڵنەگرتبایە و وەک هەموو ئەوانیتر چارەنووسی لە شوێنەکەی خۆی دیاری کرابا، هەر دەبووە ئەو گۆرانیبێژانەی کە نەبوون بە زیرەک.

زیرەک وەک کۆمەڵێک ڕووناکبیر و هونەرمەند و نووسەر و شاعیر وڵامی پێویستی بە نیازی کۆمەڵگا و سەردەمی خۆی دایەوە و کەلێنکی مەزنی لە شارستانیەت و فەرهەنگی کوردی پڕکردەوە!

ڕووناکبیر و نووسەر و هونەرمەندانی کورد لە دیاردەیەک بە ناوی زیرەک تێنەگەیشتن. زیرەک دیاردەیەکی تایبەتی نەتەوەی کورد بوو، تاروپوودی زیرەک لە تاروپوودی نەتەوەکەی سازکرابوو، وەرگیرابوو. زیرەک لە سەد ساڵەکانی دادێ، باشتر لە ئەمڕۆ دەمێنێ. لەوە دەچێ زیرەک مەرگیشی بەزاندبێ!

برایم فەڕشی

پووشپەڕی ٢٠٢٠